## ئەمڕۆی کەرکووک

# زمان و شێوەزارەکان

دەڤەری کەرکووک لە چوار شێوەزارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی، سێ شێوەزاری لە ئامێز گرتووە. کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی باشوور، گۆران. لە یەکەمین خوێندنەوەی لۆژیکیانەدا بۆ ئەم ئامادەبوونە فراوانەی زاراوەکانی زمانی کوردی، مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەم دەڤەرە پێگەیەکی دێرین و ڕەسەنی کوردەوارییە. بە گوێرەی توێژینەوەکانی مێژووی کۆنی دەڤەرەکە، ناوچەی کەرکووک بەر لە هەزاران ساڵ بە ناوی جیاجیا یان وەک بەشێک لە ناوی ناوچەیەکی فراوانتر لە خۆی، ناسراوە. بۆ نموونە سەردەمێک پێی گوتراوە گەرمەکان. ئەم پەیڤە تا ئەم کاتەش ڕەگی لە نێو زاراوەی (گەرمیان)دا ماوە، کە هەردووکیان ناوی جوگرافیایەکن.

کەرکووک یەکێکە لەو شوێنانەی زێدی لەدایک بوونی زمانی کوردی و خەملێن و گەشە کردنی ڕەگ و ریشەی ئەو زمانە بووە. موعتەسەم ساڵەیی، نووسەرێکی دیاری کەرکووکە، دەڵێ "شێوەزاری جارانی کەرکووک گۆران و لوڕ بووە". واتە گۆران و کرمانجیی باشوور بووە. لەم کاتەشدا کوردییەکەی کەرکووک کرمانجیی ناوەڕاستە.

شێوەزاری گۆران تا سەدەی ڕابردووش زمانی ئاخاوتنی چەندین هۆزی کەرکووک بووە، وەک شێخان، ڕۆژبەیانی، کاکەیی، زەنگەنە و چەند هۆزێکی دیکەی پارێزگاکە. ئەو شێوەزارە لە چەند سەدەی ڕابردوودا، زمانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە لە دەڤەرەکەدا. بۆ نموونە لە سەدەی ١٧ و ١٨ و ١٩دا چەندین شاعیری وەک ڕەنجووری، فەقێ قادری هەمەوەند، خەلیل منەوەر، مەلای جەباری، عەباس حیلمی و دەیان شاعیری دیکەی دەڤەری کەرکووک، بە شێوەزاری گۆران شیعریان نووسیوە. واتە شێوەزاری گۆران زمانی ئاخاوتن و وێژەش بووە. زۆربەی ئەو هۆزانەی جاران بە گۆران دەدوان، ئێستا بە کرمانجیی ناوەڕاست دەدوێن، بڕێ لە پیر و بە تەمەنانی ئەو هۆزانە، تا نووکە شێوەی گۆرانیان لە بیر ماوە و پێی دەدوێن. تەنیا هۆزی کاکەیی تا ئێستا توانیویەتی پارێزگاری لە شێوە ئاخاوتنی گۆران، کە پێی دەڵێن (ماچۆ)، بکات.

موعتەسەم ساڵەیی لە دیمانەیەکدا کە بەر لە چەند ساڵێک هەفتەنامەی (باسەڕە) بڵاوی کردەوە، کە گوتوویەتی شێوە ئاخاوتنی کەرکووک جاران لوڕی و گۆران بووە، هەفتەنامەکە لێی نەپرسیوە بەڵگەت بۆ ئەو قسەیە چییە؟ بەڵام لە واقیعدا شێوەزاری کرمانجیی باشوور، لوڕی و کەڵهوڕی دوو لقی ئەون، تا بەر لە ئەنفال لە چەندین گوندی کەرکووکدا شێوەزاری ئاخاوتن بووە، بە تایبەتی لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی شار، لە شوان و ساڵەییدا. شێوەزاری کرمانجیی باشوور لە زێی بچووکیش دەپەڕێتەوە، خەڵکی ناحیەی سێگردکان و گوندەکانی کانی لەلە و گەرمکی خوارووی، لە ڕۆژاوای شارۆچکەی تەقتەقیش بەو شێوەزارە دەدوێن.

شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست زمانی ئاخاوتنی زۆربەی هۆزەکان بووە، بۆیە دواتر ئەو شێوەزارە بووەتە شێوەی گشتیی ئاخاوتن لە لای خەڵکی دەڤەری کەرکووک. سەرجەم کوردی دەڤەرەکە لەوەدا کۆک بوون، کە کرمانجیی ناوەڕاست ببێتە زمانی باوی کوردانی کەرکووک. لەگەڵ پەیدا بوونی قوتابخانەی شیعری بابان و سێکوچکەی (نالی، سالم، کوردی) لە سلێمانی، ئیدی زمانی ئەدەبی کوردی لە دەڤەری کەرکووک لە گۆرانەوە گۆڕا بە کرمانجیی ناوەڕاست. هەرچەندە هەندێ توێژەر پێیان وایە، شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست بەر لە سلێمانی، لە کەرکووکدا بووەتە زمانی نووسین. بەم جۆرە لە ئاخاوتن و نووسیندا، کەرکووک کوردییەکی یەکگرتووی لە سەر بنەمای شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕست پەسند کرد. ئەو کوردییەی کەرکووک پەیتا پەیتای گەشەی کردووە و شێوەزار و بن شێوەزارەکانی لە ئامێز گرتووە و لە نێو کوردییەکی نیمچە ستانداردا جۆشی داون.

لە دەڤەری نەینەواشدا سێ شێوەزاری کوردی هەن (کرمانجیی باکوور، کرمانجیی ناوەڕاست، گۆران). هەبوونی ئەو سێ شێوەزارە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ کوردستانیەتی ئەو دەڤەرە. گردبوونەوەی کوردی نەینەوا بە دەوری یەک شێوەزاری یەکگرتوو تا ئێستا ڕووی نەداوە. هەڵبەتە جوگرافیای کەرکووک و پەیوەندیی لەگەڵ دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها ڕابردووی ئەدەبیاتی کوردی لەو شارەدا، ڕۆڵیان هەبوو لە گەڵاڵە بوونی شێوەیەکی یەکگرتووی کوردی، کە وێڕای هەبوونی شێوەزاری جیاجیا، بەڵام هەموان بە شێوەیەکی نۆرماڵ لە سەر بەکار هێنانی یەک شێوەزار، کۆک و یەک دەنگ بوون.

کەرکووک لە پاڵ ئەوەی لە ڕووی شێوەزارەکانی کوردییەوە دەوڵەمەندە، لە ڕووی زمانیشەوە دەوڵەمەندە. لە چەندین شوێنی ئەو دەڤەرە و لە نێو شارەکەشدا، بە گشتی زمانی تورکمانی، عیبری، سریانی و پاشان عەرەبییش زمانی بەشێک لە دانیشتووان بووە. شەمسەدین سامی بەر لە زیاتر لە سەدەیەک گوتوویەتی: دانیشتووانی کەرکوک سی هەزار کەسن، سێ چارەکیان کوردن، ئەوانی دی عەرەب و تورک و کریستیان و جوون. ئەو نەتەوە و ئەتنیکانە هەر یەکەیان زمانی خۆی هەبووە، بە زمانی یەکدیش ئاشنا بوون. شاعیرێکی کورد بەر لە زیاتر لە دوو سەدە فەرهەنگێکی (عەرەبی فارسی)ی داناوە. دیارە ئەو دوو زمانە لەو کاتەدا لە کەرکووکدا باو نەبوون.

وێڕای ئەوەی زیاتر لە نیوەی دەڤەری کەرکووک ساف کوردی زمانە، بەڵام سەنتەری شارەکە و بەشی ڕۆژاوای پارێزگاکە، چەندین زمانی جیاجیایان تێدایە.



تاریق کارێزی

## کاردانەوەکانی تێکچوونی کەش و هەوا وڵاتانی عەرەبیش دەگرێتەوە



لە تازەترین راپۆرتی بڵاوکرایەوە دەربارەی کاردانەوەکانی تێکچونی رەوشی ئاوو هەوای جیهانیدا هاتووە کەوا ئەم وڵاتانەش بەم نزیکانە دەکەونە ژێر گرفتی ژینگەیی بەرچاو. بەپێی راپۆرتی ساڵانەی (دەزگای عەرەبی بۆ ژینگە و پەرەپێدان)، گرفتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و کەمبوونەوەی رێژەی باران بارین و بەرزبوونەوەی ئاستی رووی دەریا و بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشییەکان و کورتهێنانی بەرهەمهێنانی بەروبوومەکانی دانەوێڵە گەورەترین گرفتن کە رووبەڕووی ئەم وڵاتانە دەبێتەوە. هەروەها راپۆرتەکە هۆشداری داوە لەسەر لەدەستچوونی رووبەرێکی زۆرفراوانی خاکە کشتوکاڵییە بەپیتەکان لە سنووری ساڵی ٢٠٢٥لە دەدرەنجامی لەدەستچوونی سامانی ئاوی و کەمبوونەوەی رێژەو ئاستی رووبارەکان لەو وڵاتانەدا. جا ئەگەر ئاستی رووی دەریا بۆ ١ مەتر بەرزببێتەوە ئەوا کاردانەوەی نێگەتیفی دەبێت لە رووبەری ٤١ هەزار کیلۆمەتر دووجای رووبەری خاکە کەنارییەکانی وڵاتانی عەرەبی وەک میسر و مەغریب و جەزائیر و کوەیت و قەتەر و بەحرەین و ئیمارات.

## کارەبا لە دارستانەکان بەرهەممهات، بەڵام؟!

بەریتانیا زنجیرەیەک لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی دامەزراندووە کە لەرێگای سووتاندنی داری سەوز واتە وشک نەبوو- کاردەکەن، ئەمەش بەداخەوە ژینگەی دەوروبەری پیس کردووە. ئەم وێستگانە بوونەتە جێگای بێزاری و نارەزایی تیم و رێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە بەوەی کە ئەم وێستگانە رێژەیەکی زۆری گازی دووانۆکسیدی کاربۆن فڕەدەدەنە هەوا ئەوە جگە لە زیادکردنی رێژەی هاوردە کردنی دار لە وڵاتانی دەوروبەر بەڕێژەی ١٥٠٪ تا لە ٢٠ ملیۆن تەن دەگاتە ٥٠ ملیۆن تەن لە سنووری ساڵی ٢٠١٥.



کەڤاڵی زانست

### مەکۆی ئاسمانی دیسکەڤەری بەشەو هەڵدەدرێت و چینە هەورە نزمەکان دەبڕێت



ئامادەکردنی لاپەڕە: دیار عەزیز

# چۆن کاتی شەحنی لاپتۆپەکەت زیاد دەکەیت؟



گومانی تێدانیە کۆمپیوتەری لاپتۆپ ئاسانکاریەکی زۆری بە کارهێنەران کردووە لە رووی شێوە و قەبارەو ئاسانی بەکارهێنانی لە هەر شوێنێک کە پێویست بێت بە بێ پێویست بوون بە لکاندنی کۆمپیوتەر بە سویچ پلاکی کارەبایی،بەڵام لە بەرامبەریشدا ئەوەندەی دیکە ناخۆشە کاتێک لە شوێنیکی دوورە دەست کارێکی گرنگت بە لاپتۆپەکەت دەبێت لەم کاتەشدا لاپتۆپەکەت شەحنی تێدا نەماوە،لێرەدا چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو بۆ ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی بەردەوام کۆمپیوتەرەکەت لە دابەزینی شەحن بە دووربێت کە ئەمانەن:

– باشتر وایە بەردەوام شەحنی کۆمپیوتەرەکەت لە (٪ ١٠٠) نەبێت، بە شێوەیەک دوو هەفتە جارێک بۆ ماوەیەک لاپتۆپەکەت بە بێ شەحن کردنەوە ئیش پێبکە بۆ ئەوەی پاتریەکەی لە شەکەت بوون و تێکچوون بپارێزی .

– لە کاتی ئیش پێکردنی لاپتۆپ سەرجەم ئەو پرۆگرامانە لە کارکردن ڕابگرە کە بەشێوەی نهێنی کاردەکەن وەکو بەرنامەکانی سکانکردنی ڤایرۆس و بەرنامەدەنگییەکان و ...هتد.

– ڕادەی ڕووناکی شاشەی کۆمپیوتەرەکەت بکە نزمترین،ئەم کردارە لە دوولا سوودت پێدەگەیەنێ لە لایەک چاوت دەپارێزێ و لە لایەکی دیکەشەوە شەحنی کۆمپوتەرەکەت بۆ دەگەڕێنێتەوە.

– ماوس و فلاش میمۆری لە کۆمپیوتەرەکەت دەربێنە.

– وایەرلێس و بلوتوسی کۆمپیوتەرەکەت بکوژێنەوە لە کاتی کارکردن چونکە بەتاقی کردنەوە سەلمێنراوە کوژاندنەوەی وایەرلێس و بلوتوس یەک کاتژمێر شەحنی لاپتۆپەکەت بۆ دەگەڕێنێتەوە.

– لە کاتی کارکردن دوور بکەرەوە لە یارییە ڤیدیۆییەکان و لێدانی موزیک و فیلم .

– هەوڵ بدە RAM ی کۆمپیوتەرەکەت زیاد بکەیت .

– سەرجەم فایل و دۆکیومێنتەکانت لەسەر هاردی کۆمپیوتەرەکەت دابنێ لە جیاتی دانانیان لە سەر فلاش میمۆری و سی دی.

– لە کاتی کارکردن سکرین سەیڤەر بەکار مەهێنە چونکە بڕێکی زۆری وزەی شەحنی لاپتۆپەکەت دەبات.

– هەوڵ بدە سیستەمە گونجاوەکانی ویندۆز بەکاربهێنی،چونکە بە تاقی کردنەوە سەلمێنراوە دانانی (ویندۆز ٧ ) لە سەر لاپتۆپ ( ٥٠ ) خولەک شەحنت بۆ دەگەڕێنێتەوە بە بەراورد لە گەڵ ویندۆزی (ڤیستا).

# لۆگۆی گوگڵ بۆ دەگۆڕێت؟

ئەم تایتڵەی سەرەوە پرسیاری زۆرێک لە دۆست و برادەران بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتە بەگشتی،بە جۆرێک بەش بەحاڵی خۆم چەندین جار پرسیاری گۆڕینی لۆگۆی گوگڵم لێکراوە ،بۆیە بە پێویستی دەزانم کورتە زانیاریەک لەم بارەویەوە بۆ ئێوەی بەڕێز بخەمە ڕوو ، گومانی تێدانیە یەکێک لەو کارانەی کە گوگڵی پێوە جیا دەکرێتەوە تێکەڵبوونی تەواوە لە گەڵ چین و توێژو نەتەوەکان لە ڕێگای گۆڕینی لۆگۆی گوگڵ بۆ دیزاینێک کە ڕەنگدانەوەی بۆنەو یادی نەتەوەکان یان ڕووداوێکی مێژوویی بێت، بۆ نموونە پارساڵ لە یادی نەورۆز لۆگۆی گوگڵ بە شێوەیەک دیزاین کرا کە ڕەنگدانەوەی نەورۆز بوو ،لێرەدا هەر بەکارهێنەرێک دەتوانێ لە یادێک یان بۆنەیەک لۆگۆی گوگڵ بەو شێوەیە دروست بکات کە ڕەنگدانەوەی یان یادی نەتەوەکەی بێت ،ئەم لینکەی خوارەوە زانیاری زیاتری تێدایە:

www.google.com/logos



# کۆمپیوتەرەکەت چ بەرنامەیەکی پێویستە؟

**بەشی دووەم**

ئەگەر کۆمپیوتەر بەسەر چەند بوارێک دابەش بکەین ئەوا هەر بوارێک لەو بوارانە پێویستی بە جۆرە بەرنامەیەکە بۆ ڕێکخستنی کارەکانت.

بۆ نموونە لە بواری ئینتەرنێت دا بۆ گەڕان کۆمپیوتەر پێویستی بە بەرنامەی (Microsoft internet explorer) دەبێت بۆ کردنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێت، لەگەڵ ئەوەی چەندین بەرنامەی دیکە هەن وەکو(Opera) و (Mozilla) کە هاوشێوەی (Microsoft internet explorer)ن بەڵام ئەم بەرنامەیە چاکترینیانە.

بۆ چاتکردن ژمارەیەکی زۆر و گەلێک جۆر بەرنامە هەیە و ناتوانرێت بڵێین کامەیان باشترینیانە ،چونکە هەر بەکارهێنەرێک بە جۆرێک حەز دەکات چات بکات و ڕەنگە یەکێک لەو بەرنامانە بەکاربهێنێت کە خۆی ئارەزووی دەکات.بەناوبانگترین بەرنامەی چاتیش بریتیە لە (Yahoo messenger) (Paltalk) (Google talk)و ئێستاش بەرنامەیەکی دیکەی زۆر بەبەربڵاوی بەکاردێت ئەویش بەرنامەی (Skype)یە.

لە بواری داونلۆدکردن دا دەتوانیین باشترین دوو بەرنامە دیاری بکەین کە زۆر بەکاردێت لەلایەن بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر ئەوانیش بریتین لە (flashget) (Internet downloader) ئەوەی یەکەمیان زۆربەی کەسانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەکاری دەهێنن،بەڵام دووەمیان لەلایەن بەکارهێنەرانی ئەمەریکا و ئەوروپا بەکاردێت.

بەگشتی بەرنامەیەکی دیکە هەیە بە ناوی (Microsoft net framework) زۆر پێویستە بۆ کۆمپیوتەر، چونکە لە ڕێگەیەوە دەتوانیت بەرنامەکان نوێ بکەیتەوە و بۆ ئەوەی ماوەیان بەسەردا نەچێت.

**کاروان سەعید**

نۆرینگەی



ئا: د. فەیسەڵ بلبّاس

# گرێی مل رەنگە زگماک بێ

**خوێنەر کاک (تاهیر) دەڵێ: منداڵێکم تەمەنی هەشتساڵان دەبێ ماوەیەکە گرێیەکی بچووکی لە ناوەڕاستی ملی پەیدا بووە. پزیشک دەڵێ ئەمە زگماکە و دەبێ هەڵبگیرێ. ئایا ئەمە چیە..؟**

**وەڵام:** لە پرسیارەکەتاندا وا دەردەکەوێ کە ئەم گرێیە پاشماوەی ئەو کەناڵە بێت کە لەکاتی گەشەکردنی کۆرپەی ناو منداڵدان دا بە گلاندی مل (تایرۆید)ەوە بەستراوەتەوە و گلاندەکە دەگەیەنێتە شوێنی خوێ و پاشان کەناڵەکە نامێنێ و دەپووکێتەوە، بەڵام هەندێ جار لە هەندێ کەسدا ئەو کەناڵە لە بەر هۆیەک بێت، کە تا ئێستا روون نیە، دەمێنێ و کۆتاییەکەی کە دەکەوێتە سەرەوەی گلاندی مل و لە ناوەڕاستی مل دایە وەکو توورەگەیەکی بچووک دەمێنێتەوە. لەوانەیە ئەو توورەگەیە هەر دوای بوونی منداڵەکە دەربکەوێ، بەڵام بەزۆری دوای چەند ساڵێک گەورە دەبێ، بەتایبەتیش لەکاتی تووشبوون بە هەندێ سووتانەوە و هەوکردنی ناو دەم و قورگ و گەروو. بۆیە ناوە ناوە دەردەکەوێ و ناوە ناوەش بزر دەبێ. ئەگەر بەهۆی سووتانەوەوە توورەگەکە بتەقێ ئەوا شوێنەکە وەکو (ناسوور) بەکراوەیی دەمێنێتەوە و بە بەردەوامی کێم و ئاووزلێزڵەی لێ دێ. ئەو جۆرە توورەگەیە لەگەڵ جوولەکردنی زمان دەجوولێتەوە و ئەگەر منداڵەکە زمانی دەربێنێ ئەوا گرێیەکە هەڵدەکشێتە سەرەوە، ئەمە مانای وایە گرێیەکە بە بن زمانەوە نووساوە. ئەمەش سرووشتی ئەو کەناڵە زگماکەیە کە بە کاناڵی نێوان زمان و تایرۆید (Thyroglossal duct) ناودەبرێت. چارەکردنی ئەو توورەگە و کەناڵە بەوە دەبێ کە لە رێگەی نەشتەرگەریەوە هەڵبگیرێت. دەبێ لەکاتی هەڵگرتنی دا کەناڵەکە لەگەڵ توورەگەکە بە تەواوی هەڵبگیرێ، ئەگەر نا نوێ دەبێتەوە و دەڕووێتەوە. ئەو گرێیە و کەناڵەکەی مەترسیەکی ئەوتۆی نیە بۆ منداڵەکە، بەڵام ئەگەر بمێنێ زوو زوو تووشی هەوکردن و سووتانەوە دێت.

## دەرمانی ددان

**خوێنەر (سابیر) دەڵێ: من زۆر لە پزیشکی ددان و دانیشتنی سەر کورسیەکەی دەترسێم، ئەرێ هیچ دەرمان نیە بۆ چارەکردنی ددان بەبێ نەشتەرگەری و دەست تێوەردان..؟**

**وەڵام:** ئەو نەخۆشی و ناتەواویانەی کە تووشی ناو دەم و ددان و پدووەکان دێن زۆر و جۆراوجۆرن و هەر یەکەیان پێویستی بە چارەسەری تایبەت بەخۆیان هەیە. هەوکردن و سووتانەوەی پدووەکان بە بەکارهێنانی دەرمانی دژە میکرۆب چارە دەکرێن و نەخۆشکەوتنیان بەهۆی کەمی و نەبوونی ڤیتامین و خۆراکی باش، بە قەرەبووکردنەوەی ئەو مادانە چارەسەر دەکرێن. برینەکانی ناو دەم و زمان و گەروو زۆر جار تەنیا بە دەرمان و پاک راگرتن و شووشتن بنبڕ دەکرێن. ئەوەی پتر پێویستی بە پزیشکی ددان و دەست تێوەردان هەیە ئەو ناتەواویانەن کە تووشی ددانەکان دێن و کلۆر دەبن یان دەشکێن. ئەمانە لەبەر ئەوەی بە دەرمان چارە ناکرێن و پێویست بە پڕکردنەوە دەکەن، بۆیە پزیشکی ددان ناچارە دەسکاریان بکات و بە ئامێری تایبەتی پاکیان کاتەوە و شوێنە کلۆربووەکانیان پڕ بکاتەوە. بۆ ئەوانەی لە دەسکاری ددانەکانیان دەترسن و زۆر هەستیارن بۆ ئێشی ئازاری دەسکاری کردنی ددان، دەکرێ شوێنی ئەو ددانانەیان بۆ بتەزێنرێت (بەنج بکرێت) تا پزیشکی بتوانێ دەسکاریان بکات. ئەو برە بەنجەی بۆ ئەو مەبەستەش بەکار دەهێنرێ کەمە و تەنیا ناوچەیەکی بچووک دەتەزێنێ و دوای ماوەیەکی کورت چاک دەبێتەوە. ئەوەی کە مرۆڤ لێی دەترسێ لەلای پزیشکی ددان بەزۆری ئێش و ئازارەکە نیە، بەڵکو ئەو هەستەیە کە لەکاتی چوونە سەر کورسیەکە و بەگەڕخستنی ئامێرەکانی ددان پاککردنەوە لەلای پەیدا دەبێ و خۆی گرژ دەکات و نائارام دەبێ. هێمنی و ئارام بوون و بیرنەکردنەوە لە ئاکامی خراپ زۆر لەو هەستانە کەم دەکاتەوە. پاشان ئەگەر زوو زوو سەردانی پزیشکی ددان بکەی و لەگەڵ کەس و کار و خزم و برادەرانت بچیتە لای پزیشک و سەیری ئەوان بکەی کە چۆن بە هێمنی و بە بێدەنگی دادەنیشن و چاوەڕێ دەکەن تا پزیشک کارەکەی تەواو دەکات، ئەوا تۆش لێی رادێی و ئەو ترسەت نامێنێ. بایەخدانیش بە شووشتن و پاک و خاوێن راگرتنی دەم و ددانەکان لە تووشبوون بە نەخۆشی و کلۆربوونیان دەتپارێزێ و پێویستیت بە چوونە لای پزیشکی ددان نابێت.




## هیشکە بیرۆ چیە..؟

**خوێنەر دایکی (نیڤین) دەپرسێ: هیشکەبیرۆ چیە..؟ کچەکەم ناوە ناوە سەر روومەتەکانی وشک و سپی هەڵدەگەڕێن و خورشتیان دەبێ. هۆی چیە و چۆن چارە دەکرێ، تکایە..؟**

**وەڵام:** هیشکەبیرۆ وەکو لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ، وشکبوونەوەی ناوچەیەکی پێستە کە لەشوێنەکانی دیکەی دەوروپشتی کاڵتر و رەقتر دەردەکەوێ. لەوانەیە لەبەر وشکی بقەڵشێت و پەلکی تەنک هەڵ بدات و خورشتیشی ببێت. هۆکارەکەی زۆر روون و ئاشکرا نیە، بەڵام وا پێدەچێت جۆرێک بێت لە هەستەوەری کە بە زۆری لەو شوێنانە پەیدا دەبێت کە پێستەکەی ناسک و تەنکە و دەکەوێتە بەر تیشکی رۆژ. دیارە خوێن لە ژێر ئەو شوێنانەدا کەم دەسوورێتەوە لەبەر کورژبوونی موولولە خوێنەکانی، بۆیە ناوچەکە سپی و وشک و رەق دەردەکەوێ. بۆ دەست نیشان کردن و ناسینەوەی هیشکەبیرۆ پێویستە پزیشک ببینێ چونکە زۆر جار تووشبوونی پێست بە هەندێ جۆر لە میکرۆبی کەڕوو بە هەمان شێوە و نیشانە دەردەکەوێ کە بێگومان چارەکردنەکەی زۆر لەو جیاوازە. چارەکردنی هیشکەبیرۆ ئاسانە و دەرمانی تایبەتی ناوێ تەنیا بە شتێکی چەور ناوە ناوە تەڕ بکرێ بۆ ئەوەی پێستەکە نەقڵەشێت. تەنانەت رۆنی چێشت لێنانیش بۆی دەبێ.

# ڤارنا



(شێرزاد هەینی) لە ستۆکهۆڵمەوە دەینووسێت

## بەشی دووەم

بۆچی من دەخوازم لەو سەفەرەمدا لە شاری ڤارنای بولگاری بمینێمەوە...؟! دەمینێمەوە نەک لە ترسی فڕۆکەخانە کۆنەکەیان، یان لەبەر قەرەباڵغی جانتا بەڕێکردنەکان، ترسم لەوانە نییە. من لە دەستم بێت لەو شارەو لە نزیک دەریای بیرەو کانی شەراب و شەماڵی شەوان و بەرائەتی چاوەکان دەمینێمەوە. لێرەو لەو ئاوارەییەدا کەس تەماشای کەس ناکات، کەس کەس ناناسێت، پۆلۆنییەکان دوو دوو باریان کردووە، ڕۆمانییەکان لەبەر نزیکیان لە سنوور بەکۆمەڵ و بە ئۆتۆمبێلەکانیان پەڕیونەتەوەو هاتوون مێوانی دەریابوون، رووسەکان بە خەیالی سەرداری خۆیان لە سەردەمی سۆڤیەتی هەلوەشاوەو زمانە رووسییە سەردارەکەیان لێرەن، خەلکێکی زۆریش لە ئاخاوتنەکانیان تێدەگەن. لەو شارەدا دوو پیرەمێردی ئەلمانیم بینی دوو ژنە سۆزانییە گەنجەکەیان بە پارەی خۆیان بە تەرازووی زەوق دەکێشا، کیژێکم لێوە نزیک بوو سەری بۆ خوێندنەوە نەوی کردبوو، نەمزانی مەمکەکانی بوو یان چاوەکانی ڕۆمانێکی پامۆکی دەخوێندەوە. لەو شارە دوورکەوتنەوە نغرۆبوونە لەناو دەریا، هەلاتن لەو شارە تەسلیمبوونی پیریی و مردنی زەوقە. ئەوەی دەڕوات و دەگەڕێتەوە یان گیرفانی کون بووە، یان زانیویەتی خۆی کون بووە. ئەوەی دلی دێت شەوەکان لەبەزمی سەمای بولگاریی و تاوانەوەی مۆزیکا لەناو جەستە نەرمەکان بەرێ بکات و لە ژووری هوتێلەکەی خەریکی نووسین و اکنووس و خوێندنەوە بێت، ئەوەش یان شێتە یان مەستەو هەرزانی شەرابی ئەو ولاتەیە دەستی لە شووشەی شەراب بەرنادات.

شەوە من نازانم ئەو خەلکە دوو دوو لە دەروازەو بەرهەیوانی هوتێلەکە دەردەچن بەرەو کێوە دەچن، دەچن و کەی دەگەڕێنەوەو بۆچی دەڕۆن، ڕۆژەو نازانم چۆن شەپۆلەکان ئەو بەژنە زراڤانە بۆ نەهەنگەکانی دەریا نافڕێنێت. هەموو دیاری دەکرن بۆ کێی دەبەنەوە، لە بەرامبەریشدا چ وەردەگرن!

لەو ڤارنایە بەشۆخییەوە ئالای ئەستێرە شینەکانی یەکێتی ئەورووپی دەشەکێتەوە، دەزانم ئەو ئالایەیان لە ئالا سپی و کەسک و سوورەکەی خۆیان خۆشتر دەوێت. هیوایان بەو ئالایە بلندە بەرزە، دلیان خۆشە، بۆیە لە هەموو بالەخانەکاندا، لە پێش هەموو دەروازەکاندا بەسەربەرزی ئالاکە دەشەکێتەوە.

لە سالی ١٨٧٠ بە زەبری سوپای رووسی عوسمانییەکان لەو ولاتەدا دەشکێن و سەروەری کەنیسەیان دەگەڕێتەوە بۆیە لە ڤارنا پەیکەری سەربازی ونم بینی چەند چەپکە گولێک شانازییان بۆ ئەو سەربازانە دەووتەوە کە لەو سالەدا سوپای بێگانەیان بۆ دەرپەڕاندن، لەو سالەوە بەیەکجاری لەدەست شیری غەدری تورکەکان دەربازیان بوو، ئیتر ئازادانە چوونەوە کەنیسەکان و سەربەستانە مەست دەبوون و خەونی پەپوولەیان دەبینی.

نەمزانی لە بەرزاییەکەی ڤارنا، لەسەر گردەکە پەیکەری سەربازی سۆڤیەتی کە لە دوورەوە دیارە بۆ شانازی راگیراوە، یان بسماری شەرمەزاری داگیرکردنەکەیە.



